# سەری سەدام لەتای تەرازووی تاوانەکانیدا

عومەرشەریف
rojbin@maktoob.com

هەر وەك چاوەڕوان کرابوو دادگا دوای (41) دانیشتن، وێرای دەرچوونی چەند جارێك دەستەی بەرگری بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ سەدام و عەواد و بەرزان تکریتی دەرکرد،و سزای توندی و ئەوانی تر دەرکرد , ئەمەیان جارێ تەنها لە سەر دۆسیەی دوجێل کە (143) عەرەبی شیعەیان کوشتووە و زیانی مادی بەدی و جەستەیی بە خەڵك و ژیانی خەڵکی دوجێل گەیشتووە , هێشتا دادگایکردنیان لە سەر ئەنفال و کیمیاباران کردنی هەڵبجە و داگیرکردنی کوەیت ماوە , عێراقی دوای سەدام و دار و دەستەکەی بۆ خۆی گۆڕانکاری زۆر گەورەی بە سەردا هاتووە , حکومەت و پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەیە و خاوەن دەستور و یاسای فیدراڵی و ڕەچاوی مافی ئافرەت و ئازادی ڕاگەیاندن و مافەکانی مرۆڤ و گشت نەتەوەکانی تێدایە , شاراوە نیە عێراق ئێستا دەیان کێشەی ئاسایش و تەقینەوە و شەڕی مەزهەبی لە چەند پارێزگایەك و بەغدا! ی پایتەختیشەوە هەیە! بەلأم لە کۆنە بەعسی و تیرۆریستان و کەسانی شۆڤێنی بەو لاوە کەسی تر ئاواتی گەڕانەوەی بەعسیەکان ناکات , ئەوەندەی تێبینی دەکرێت وڵاتانی عەرەبی لە ئاستی حکومەت و کۆمکاری عەرەبی بێ دەنگی و خۆ کەڕ و کڕ کردووە , لە سەر ئەنجامی دادگایەکە کە لە سێدارەدانی سەدامە ،کە پێشتر خۆی ناو نابوو سەرکردەی نەتەوە و ڕزگار کەری عەرەب و پارێزەری وڵاتانی عەرەبی و هتد ... , چ لە سەر ئاستی ناوخۆش زۆربەی عێراقیەکان بە کورد و عەرەب و شیعە و سوننە و تورکمان و ئاشووری و کلدان و یەزیدی و تێکڕای چین و توێژەکان , هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام و ئەوانی تر وەکو شایی و بۆنەیەکی زۆر خۆش پێشوازیان لێ کرد و بە بڕیارێکی مێژوویی و دەستکەوتێکی زۆر گەورەیان بۆ پاشە ڕۆژی عێراقیەکان لە قەڵەمدا , حکومەتی عێراق و ئازادی خوازەکان ئەم بڕیارەیان بەوە لەیەك دایەوە چارەنوسی هەموو دیکتاتۆرەکان لەمە باشتر نابێت !؟ لە ئاستی جیهانیش ئەمریکا و بەریتانیا وئوستراليا‌و دۆستەکانی گەلانی عێراق دەست خۆشی و پیرۆزباییان لە عێراقیەکان کرد ، و زۆربەی وڵاتانی دنیاش ڕود! اوەکەیان بە ئاسایی و کارێکی ناوخۆی عێراقیان زانی و عەدالەتی بڕیارەك دیان بە گرنگ و سەرکەوتوو مێژویی زانی , میدیا و ئەو کەسانەی دۆخی عێراق چاودێری دەکەن شی کردنەوەی جیاوازیان بۆ بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام کرد , ئەوانەی دژی مانەوەی ئەمریکان لە عێراق بەوە شی یان کردەوە ئەم بڕیاری لە سێدارەدانە لە دادگای باڵأی تاوانەکان لە عێراق سەرپەرشتی دەکات و بڕیاری لە سەر داوە , بە کەوتنە ژێر کاریگەری پاڵەپەستۆی ئەمریکایان لە قەڵەمدا، بۆ ئەوەی ڕای گشتی و ئەمریکیەکان و بۆ سەرکەوتنی جمهوریەکان لە کۆنگریس وەکو کارتێك بۆش بەکاری بهێنێ ! هەندێکی تریش پێیان وایە ئەم بڕیارە لێدانێکی تری گورجك برە لە تیرۆریستە بەعسیەکان و ئەوانەی بە تەمای گەڕانەوەی سەدامن بۆ دەسەڵات ، و ئومێدی سەرابی دەسەڵاتیان نەمێنێ ! چونکە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەبی سوننە داوایان لە ئەمریکا کردووە ئەگەر سەدام ئازاد بکرێت ئەوە کاری توند و تیژی و تەقینەوە و بەناو (مقاومە) ڕادەگرن و ئەمن و ئاسایش بەرقەرار دەکەن !؟

لە کوردستان خەڵك چەندیان پێ خۆشە سەدام بە پەتی سێدارەوە ببینن، لە زووترین کاتدا , ئەوەندەشیان پێ خۆشە سەدام ئاکامی دادگایی دۆسیەی ئەنفالیش بزانێ! ت و سزای ئەو تاوانەش تاڵاو نۆشی بکات و مەزلۆمیەتی گەلی کوردیش بۆ جیهان زیاتر روون بێتەوە .